# لێدوانی ڕۆژنامەوانی

## چاككردنی مافی ئاوارە ناوخۆییەكان

**بەغداد: ٨ی تەموزی ٢٠٠٨:** حكومەتی عیراق ئەمڕۆ سیاسەتێكی ڕاگەیاند كە بارو دۆخی ئاوارە ناوخۆییەكان و گەڕاوەكان چاك دەكات. "شێوازی نیشتیمانیی بۆ تاوتوێكردنی ئاوارە بوون" ئەنجامی ڕاوێژێكی چڕوپڕی وەزارەتی كۆچ و كۆچبەرانی عیراقی و كۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكانە بە هەماهەنگیی لەگەڵ بەشدارانی تر لە گەڵ ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی كە لە ناو وڵات دەژین.

"شێوازی نیشتمانیی بۆ تاوتوێكردنی ئاوارە بوون" هەموو ماف و پێویستییەكانی ٢٤٠٠٠٠ خێزانی تازە ئاوارەبووی ناو عیراق دەستنیشان دەكات و هەروەك چۆن پێویستیەكانی هەماهەنگیی و هاوكارییش لە نێوان وەزارەتە جیاجیاكان و كۆمەڵگای نێو دەوڵەتی دەستنیشان دەكات. وەزیری كۆچ و كۆچبەرانی عیراق بەڕێز عەبدولسەمەد ڕەحمان سوڵتان وتی "شێوازەكە ئامرازێكی گرنگە بۆ پلاندانان بۆ گێڕانەوەی ئەوانەی چ بۆ ناو عیراق و چ بۆ دەرەوەی عیراق ئاوارە بوون. نوێنەری كۆمیسیۆنی باڵای پەناهندەكانی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان لە عیراق دانیاڵ ئەندرێسیش وتی "بە پەیڕەوكردنی ئەم شێوازە نیشتمانییە حكومەتی عیراق ڕایدەگەیەنێ كە دەیەوێ یارمەتی ئاوارە ناوخۆییەكان بدات و بیانپارێزێ و ئارەزووی خۆشی دەردەبڕێ بۆ كاركردن لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەرێكی تۆكمە بۆ دۆزی ئاوارە ناوخۆییەكان."

"شێوازی نیشتمانیی بۆ تاووتوێكردنی ئاوارە بوون" لە كۆنفرانسێكی نشتمانیی لە بەغداد لە ئوتێلی ڕەشید كە لە لایەن وەزیری كۆچ و كۆچبەرانی عیراق بەڕێز عەبدول سەمەد ڕەحمانەوە سەرپەرشتی دەكرا ڕاگەینرا. ئەم كۆنفرانسە نیشتمانییە لە لایەن (یونۆپس)و كۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكانەوە پشتگیریی لێكرا و پارەكەشی لە لایەن حكومەتی ئوسترالیاوە دابین كرابوو. لەو كونفرانسە هەر یەك لە جێگری سەرۆك وەزیران دكتۆر بەرهەم ساڵح و نوێنەرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و كۆمیتەی ئاوارەكانی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران و نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان و نوێنەری كۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان ووتاریان خوێندەوە. هەر لەو كونفرانسەدا چەند نوێنەرێكی پایە بەرزی هەردوو حكومەتی عیراق و حكومەتی هەرێمی كوردستان و پارێزگارەكان و سەرۆك هۆزەكان و پیاوانی ئاینی و نوێنەرانی ئاوارەكان و نوێنەرانی ئاژانسەكانی نەتەوە یەكگرتووكان و چەند ڕێكخراوێكی ناحكومیش ئامادە بوون.

بۆ زانیاریی زیاتر تكایە پەیوندی بكە بە:

١-وەزارەتی كۆچ و كۆچبەرانی عیراقی: خاتو حەنان عەبدولهادی/ بەرپرسی بەشی راگەیاندن بە ژمارە تەلەفۆنی : 079 01 412438 یان adihana@yahoo.com یان وەزیر بەم ناونیشانە office@modm.iraq.org,

2- كۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان: بەڕێز محمد ئەلعانی بەرپرسی هەماهەنگی، بە ژمارە تەلەفۆنی : 079-01941274 یان ئیمەیلی alani@@unhcr.org,